کەمیسیۆن پێکهێنانی لیژنەی ناوەندی و لاوەکییەکانی بۆ چاودێریکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن ئاشکرا دەکات



جومانە غلای وتەبێژی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەمڕۆ دوشەممە پێکهێنانی لیژنەی ناوەندی و لاوەکییەکانی بۆ چاودێریکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن لەگەڵ فەرمانگەکانی پارێزگاکان ئاشکرا کرد.

جومانە غلای ڕایگەیاند، "ئەرکی ئەم لیژنانە بریتییە لە چاودێریکردن و بەدواداچون بۆ سەرپێچییەکانی هەڵبژاردن و وەرگرتنی ئاگادارکردنەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پێشوەختەی کاندیدبون یان ئاماژەکردن بەڕژمارەی کاندیدێك پێش دەستپێکردنی بانگەشەی بانگەشەی فەرمی".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ڕاگەیاندنی پێشوەختەی پێشێلکارییەکی ێونی یاساکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانە، هەر کاندید و لیستێکیش پێشێلی بکات، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر".

سەرەتای ئەم مانگە کەمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێویستی خۆی بە نزیکەی 250 هەزار کارمەندی ڕاپرسی ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەدا کە داوای ڕەزامەندی دەکات بۆ دەرکردنی

نامەی سوپاسنامەی بۆ تیمی بەشداربو.

کۆمسیۆن دوایین ئاماری نوێکردنەوەی داتاکانی هاوڵاتیانی شایستەی ئاشکرا کرد، بەمەش کۆی ئەو کەسانەی لەو مانگی (ئازار/3)ی ئەمساڵ تا 5ی (حوزەیران/6) تۆماری دەنگدەرانیان نوێکردۆتەوە گەیشتە زیاتر لە 21 ملیۆن کەس.